# پەنهانیەت



ئەنوەری ڕەشی عەولا

لەبەرچاوم بوو، قەیرێ پێش ئێستا
لە کونجو کەلەبەری بێشەیەکی نائاشنادا
تیشکێکی بێ بەندوباری جانانە
چون غەریبەیەک، وەک ئەوەی لە دەمکەلو
ڕازونیازی خاڵیگایەکدا گیریخواردبێت لەوپەڕی دنیا
نازەناز.. لێکدا لێکداو پەرت پەرت،
لە پرتەوی پەلوپۆداری پەنجەکانی خۆی دەکرۆشتو
عیشوەبازانە بەدەم زەمزەمە لێڕژانەوە بوو دەیگوت:
کووو دەبێ، بۆ هەر ڕووخستنو خۆجێهێشتنێک لە گوڵزاری
ئەفسانەیەکم دا،
دەشێ من، ڕووناکی پێیەکانم لە بارانو
پەڕپەڕی باڵەکانیشم لە شنەباو ئەندێشەیەکی بێ کەوشەن بێ؟

لە: دەڵێن زۆر قسەی هەڵیتوپەڵیت دەپەرتێنێ! وەلێ ڕاستیەکەی ئەوەیە، گەرچی لەبەر لەتو شەقو ڕەتێنراوییەکەی، گوم لەبەرچاوە، کەچی بەو بوختانانەشەوە بۆی هەڵدەبەسترێ، لەوەتەی هەیە بەقۆزاخەکەی خۆی سەبووری دێ. هێمن.. هێمنو کەرەمکارو کەمدووانە کلۆکیشە لە نێوان ئەو دەرودراوسێیانەی لەملاوئەولایەوە نەکلۆکن لەگەڵ یەکتریدا. دەتوانرێ ماری زەنگۆڵەداریش بێت بە

کلکە ڤیتەکەیەوە خۆ ژێنانە ئێژرێت، ئەوە منم.. ئەی تۆ دەتوانی لە حیکمەتی خۆتدا کێ بیت؟

هەر: زۆر تەنیا، گا بەئاشکراو گا بە پەنهان، بێ ترپە بەسەر تەرمی خۆیدا ڕێدەکا. دەشێ ئەمەش بێ، گەنجینەو سیحری هەبوونایەتییەکەی.. دەشێ، کێ چوزانێ؟!

بێشە: دەتوانرێ خۆشاوێک بێت، لە دەنکەی تەڕی درەختە قنگ قورس‌و خاووخلیچەکەکان گیرابێتەوە! بۆ هیچ نا.. تەنێ بۆ تامکردن هیچی تر، وا زەن بکە دەنکەترێیەکی ڕەش میرییەو، بە تاسەیەکەوە بیهاوە ژێر ڕەحمی ددانەکانی خەیاڵت، ئەوجاکونێ لێیگەڕێ لیکیش وەک چاوبگێڕێکی لێزان‌و کارزان بەکاوەخۆ بەسەریدا بڕژێت‌و بپرژێت بۆ هەموو جێ. ئا.. پێدەچێ لەو هێنان‌و بردنی چێژبردنەدا بێت بگەیت بەوەی، ڕەنگ‌و بۆی زۆزان‌و زەبەنەکان لە ڕەزی ئەم هێشووانەوە بێت خۆیان ئافراندبێ.
خودایا کە ئەم کوفرەش وەکو کوفرە بێ چاوو ڕووەکانیتر دەگەنە بەر قاپی مەلەکوتی تۆ، بەقوڵی‌و فراوانی ئایەتە بێ سەرحەدەکانی جوانیت، بیانبەخشە! ئەو بەندانەی، شاعیرانە، غایلەی خراپیان کردووەو دەکەن، دەرهەق بەسیحری ئەو سروشتە شۆخ‌و شەنگ‌و بێ عەیب‌و عارەی تۆ! خۆت دەزانی لەو حەلەوە وشە چاوی پشکووتووە، قسە لە گفت‌و لفتی غەوغاکانی شاعیرانیش ناگیرێت خودایا! چونکونێ ئەوان بەلاسارییەوە ناخوازن، هیچ شتێک قوفڵ ببێت، بۆیەکا جارجارەیەکی ئاوا جحێڵانە بەخاچی تەنهاییەکانیانەوە لەو جۆرە وەسوەسانەی دەکەن!!

خاڵیگا: وەرزێکی لێوبەباری نەناسراوە. زۆر جاران وەها بووە، شەرمن.. شەرمن دێت‌و دەنگ لەو زەنگۆڵانەی دەهێنێت کە تک تک لەئازارێکی پوخت پوختین، جا چیبکەین بێ هەست‌و خوست ئەو زرنگانەوانەش نەیبیستین.. کە ڕوون ڕوون لە خاڵیگاکانی بوونمانەوە بۆمان دەدوێن؟!

ئەفسانە.. لەوەتەی شیعر هەیە ژیان دەدۆزێتەوە، مرۆڤیش گومی دەکات. ژیان تا ئێستا هەر ئەوەیە نازانم بۆ؟! گەر تەنها جارێک لە مناڵیتدا دەمت داپچڕیبێت بۆ هەنگوینی خۆرو وەهات زەن کردبێت ئەستێرەکانیش هەنگن، ئەو کات پێت دەگات هیچ شتێک لە خەیاڵ جوانتر نییە!

ئلفر هیچ شتێک لە خەیاڵ گەورەتر نییە، گەر هەریەک گەردونێک
بین، بەڵام بچوک.. بچوک.. بچوک!!

من: مامانێک لە بری ڕەواندنەوەی ئازارێک کە مژۆڵە لە
جەستەیەکی ژانگرتوودا، کەچی بەخۆبادانێکەوە دێتو دەبێتە
دایەنو لەلەی ئەو ڕووەکە ڕیشدارانەی بەقەد ژمارەی
ڕیشاڵەکانیان پرسیاری سەیرو سەمەرەیان لە بیابانەکانی بونیان
هەیە.. سەیرە شتێتیش بەو رادەیە؟ خودایا بیانبەخشە ئەو جۆرە
منانە! هەروەک ئەوەی خۆتان فەرموتانە، ئەوان لە شتێک نازانن کە
تێی ناگەن!!

پێ: بە زاکیرەو خەیاڵی قشتی مناڵێکی ژیکەڵە بپێوری شتێکەو بە
پرگاڵی هەراش بوونیش ئەوە شتێکی ترا چونکونی پێ سروشتێکی
باندەستیانەی هەیەو لە جوغزی خۆیدا ڕێگایەکە، تەنێ خۆت
دەیناسیو ڕێبوارێکی تاقانەی لە ئاقارەکەیدا، مەگەر بە
سەرسمدانەوە، ئەگینا کەسێکی تری پێیدا ناڕوات. ئا زۆرێکیش هەن
دەڵێی قامکت لە ناو چاویان ڕۆدەنێی، زاریان لەم وردە حەقیقەتانە
دەچێت! ئەمە ڕاستە بۆ ئەو جەستانەی هێشتا کونێ حەشرکردنیان
لەگەڵ درشتە حەقیقەتەکانی مەردومدا پێ جەژنە.. ئا ڕاستدەکەن!
ئەوان لە شتێک نازانن کە تێی ناگەن!!

پەڕ: بێشومار تەریقەتن، هەر بەخاتری سازدانەوەی
هەستانەوەیەکی تر لە خۆڵەمێشی خۆیاندا، بۆ زیافەتی سیحری
یەکتری سازگار سازگارن. خودایا هیدایەتی بکە ئەو مەخلوقەی بە
پەرۆشەوە غایلەی فڕینێکی تری هەیە، کە ئاوا زەندەکات لە
ئاسمانێکدایە جاویدانییە!

باڵ: ئەگەرەکو، پەڕ بەپەڕی ئاوازە ناوازەکان بیژەنن، زەنگۆڵ
زەنگۆڵ، شڕوپڕی ئەندێشەو پێ شلبوو تەزیووەکانیش
دەخەنەوە سەر کەڵکەڵەی سەما.

با: ئازوقەیە، ئەو ساتەوەختانەی شکستەباڵین، دێتە بن هەنگڵمانو
بە نەزاکەتێکەوە دەڵێت: برالە ڕێگاکەت لە کوێیە، تا توێشوم شیاو
بەماخۆلیای سەفەرەکانت بێت؟!.